Kurdistannet كوردستان نێت

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کومیتەیی تەشکیلات

ژمارە:
ڕێکەوت: ١٢/ ٤ /١٣٨٥

یادی قاسملوو بەرز ڕادەگرین

حەفدە ساڵ بەر لە ئێستا دەستی ڕەشی ئاخوونده تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دیپلۆمات تیرۆریستەکانیەوە لە سەر مێزی بە ناو وتوویژ گوڵی تەمەنی ڕێبەرێکی خۆشەویست و هاوڕێکانی پەرپەڕ کرد.

مامۆستاو ڕێبەری گەلەکەمان دوکتور قاسملووی هەرگیز نەمر لە کاتێکدا کەوتە بەر هێرشی دوژمنانی ئاشتی و ئازادی کە بوێرانە دیفاعی لە ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران دەکردو دەیهەویست بە شێوەی ئاشتیخوازانە کێشەی نەتەوەکەی چارەسەر بکاو کۆتایی بە خوێنڕێژی بێنێ، بەڵام شەمشەمە کوێرەکانی تینووی خوێن و دوژمنانی ئازادی وەڵامیان بە گوللە دایەوەو لە سەر مێزی بە ناو وتوویژدا ئەم ڕێبەرە کەم وێنەیان شەهید کرد.

ئەمڕۆ لە حەفدەهەمین ساڵیادی شەهید بوونی ئەم ڕێبەرە مەزنەی گەلەکەمان، لە حاڵێکداین کە تیروریستان و قاتلان لە هەموو کات پتر ڕووی ڕەش و دزێویان بۆ دونیا دەرکەوتوەو ڕیسوا بوون.

لەم ڕۆژەدا (٢٢ی پووشپەڕ) بۆ یاد کردنەوەو ئەمەگناسیمان بەرامبەر بە خەباتی تێکۆشەرانی کوردو لە سەردەمی هەموویان تێکۆشەری ناوداری گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، بە دەربڕینی ئەو پەڕی ڕق و بێزاریمان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە حەرەکەتێکی ئێعترازیدا بۆ ماوەی سێ خولەك لە کاتژمێژ ١١ تا ١١،٣ خولەکی شەوی ٢٢ی پووشپەڕ بە کاتی ئێران هەموو چراکان دەکوژێنینەوە.

بەشداری لەم حەرەکەتە ئێعترازییەدا نیشانەی نەفرەتو بێزاریمان دەبێ لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هەر لەو کاتەشدا نیشانەی سوور بوونمانە بۆ خەبات لە پێناوی ئەو ئامانجانەی کە دوکتور قاسملوو لە پێناوی دا خەباتی کردو لەو ڕێگەیەدا سەربەرزانە سەر نایەوە، ئێعترازێکە دژی ئەو دەوڵەتە قازانج خوازانەی کە لە پێناوی بەرژەوەندی ئابووری دا ئامادەن هەموو ئوسوولێ و پرەنسیپە ئینسانیەکان پێشێل بکەن لە سەرووی ئەو دەوڵەتانەوە دەوڵەتی ئوتریش.

گومانی تێدا نیە ئەم ٣ دەقێقە خامووشیە دەبێتە سەرەتای خەباتێکی نوێ و گڕکانێك دەبێ کە تەخت و بەختی زاڵمان و کۆنەپەرستانی کۆماری ئیسلامی دەسووتێنێ.

هاوڕێ خۆشەویست!

کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان و تەنانەت شوێنە گشتیەکان لە کاتژمێر ١١ تا ١١:٣ دەقێقەی (یازدە تا یازدەو سێدەقێقە) شەوی ٢٢ی پووشپەڕ ئەرکێکی نیشتمانی و کوردانەیەو نابێ لە بەجێهێنانی دوا بکەوێ.

کومیتەیی تەشکیلات